

هاوار طيب

# ڕەنــد*

ئەی کەوتنی گەڵاکانی خۆشبەختی و
واڵا بوونی پەنجەرەی نائومێدی
بۆ هەمیشە لە یۆتۆپیای تۆدا دەژیم،
تا ئەبەد پەیوەستم بە فرمێسکەکانتەوە.

ڕەند
کۆتاییت هێنا بەخەونەکانم
سەرابی کردە میوانم
ڕووناکیت گۆڕیم
بە تاریکی.

خەندەی ئەبەدیت کردم
بەئاوێکی لێڵ.

فرمێسکت
کردە میوانێکی ناوەخت و خۆشەویست.

2013/5/19
ڕانیــە

*گەلەری ڕەند